سەرکی ھەوتی نیشتمانی شیعە داوا لە لایەنگرانی دەکات کارتی دەنگدانیان نوێ بکەنەوە

موقتەدا سەدر رێبەری رەوتی نیشتمانی شیعەکان داوا لەو لایەنگرانی دەکات، تەماری دەنگدەران نوێ بکەنەوە.

موقتەدا سەدر سەبارەت بە پرسیارێك لەبارەی دیاریکردنی وادەیەك بۆ نوێکردنەوەی تەماری دەنگدەران لەلایەن کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە رایگەیاندوە، باشترە تەماری دەنگداران لەلایەن لایەنگرانیەوە نوێ بکرێتەوە، ئەگەر بەشداری پرسەی دەنگدان بکرێت یان بایکۆت.

موقتەدا سەدر تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نەداوە سەبارەت بەوەی، بەشداری لەو هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات یاخود نا کە بڕیارە لەکۆتایی ئەمساڵدا پرسەکە ئەنجامبدرێت.